# تیپی تۆپی دەستی یانەی ئافرەتانی هەولێر چاویان لە ئەنجامی گەورەیە

تیپی تۆپی دەستی یانەی ئافرەتانی هەولێر یەکێکە لە تیپە بەهێزەکانی کوردستان، ئەمساڵیش لە خولی نایابی تۆپی دەستیی کچانی یانەکانی کوردستان لە نێو یانە بەشداربووەکانی کوردستان پلەی سێیەمی خولەکەی بەدەست هێنا، یانەکەش لە ئێستادا بۆ کێبڕکێکردن لەسەر بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە، لە مەشقەکانی بەردەوامە بۆ ئەوەی بتوانێ وەکو نوێنەری ئافرەتانی هەولێر تیپێکی تۆکمە و پڕ لە یاریزانی بەئەزموون دروست بکات، یانە تاقانەکەی ئافرەتانی پایتەخت بەو کچە وەرزشوانانەی چاوی لە ئەنجامی گەورەیە، لەم بارەشەوە گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لە نزیکەوە لەگەڵیان ئەنجام دا، یاریزانان و ڕاهێنەرانیش بەم جۆرە قسەی خۆیان دەربڕی.

ڕاپۆرت: کارزان کانەبی



**ڕێهەنگ سەلاحەدین لە بارەی ئاستی تیپەکەیان بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی:** «ئاستی تیپەکان باشن، چونکە گشت تیپەکان بەردەوامییان لە مەشقەکانیان هەبوو، بەڵام بەش بە حاڵی یانەکەمان (ئافرەتانی هەولێر) لە ماوەی دوو مانگ لە دروستکردنی تیپ و مەشق، توانیمان ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەین و ببینە یانەیەکی بەهێز لە پاڵەوانێتیی کوردستان و پلەی سێیەم بەدەست بهێنین، ئەمەش سەرەڕای پێکانی چەندین یاریزان لە پاڵەوانێتییەکەدا، ئەگەرنا لە پلەی سێیەم نەدەوەستاینەوە و دەچووینە پلەکانی پێشتر و ڕکابەریمان لەسەر نازناویش دەکرد»، لە بارەی گرفتی یانەکەش گوتی: «تاکوو ئێستا کێشەی ئەوتۆمان نەبووە و سەرۆکی یانەکە و سکرتێری یانەکە پاڵپشتیی تەواوی تیپەکە بوون و لە پشتگیریکردنمان بەردەوامن، سەرۆك و سکرتێری یانەکە مووچەی تیپەکەمان بە مووچەی خۆیان دابینی دەکەن، ئەوەش جێگای دەستخۆشییە، سەرەڕای دروستکردنی یاریزان کە توانیشمان ئەمساڵ چەند یاریزانێکی تازە بهێنینە ناو یاریگا و ئاستێکی بەرزیش پێشکەش بکەن، بۆ پتەوکردنی تیپەکەشمان لە هەموو ڕوویەکەوە بەردەوام دەبین، لە ئێستادا داوەتنامەیەکمان بۆ هاتووە کە بچینە دەرەوەی وڵات بۆ ئەنجامدانی چەند یارییەکی دۆستانە و ناساندنی یانە و تیپەکەمان بە وڵاتانی دیکە و سوودوەرگرتن لە توانا و ئەزموونی ئەوانیش.»



**یادی محەمەد گۆڵپارێزی تۆپی دەستیی ئافرەتانی هەولێریش سەبارەت بە یانەکەیان دەڵێت:** «یانەکەمان بەردەوامە لە مەشقەکان و وەکو یانە و یاریزانیش هیچ کێشە و گرفتێکمان نییە، جگە لەوەش لە یانەکەدا پاڵپشتیی تەواومان کراوە، کێشەی گشت یاریزانان درەنگ بەڕێوەچوونی خولی تۆپی دەستە، پێمان خۆشە لە ساڵێکدا لانیکەم دوو خول بکرێتەوە، یان ئەگەر یەك خولیش کراوە، با یارییەکانی چوون و هاتن بێت، بۆ ئەوەی یاریزانان چێژ لە یارییەکان وەربگرن و تۆپی دەست جوانتر بێت لە ئێستادا، ئامانجی هەمووشمان بەدەستهێنانی پلەی بەرزە و پێشکەشکردنی ئاستی باشە، تا بتوانین درێسی هەڵبژاردەی عێراق بپۆشین کە ئامانجە گەورەکەیە، داواکارین لە یەکێتی تۆپی دەستیی کوردستان کە هەڵبژاردەی تۆپی دەستیی کوردستان دروست بکات، بۆ ئەوەی هەموو ساڵێك خول بەڕێوە بچێت، نەك چەند ساڵ جارێك.»

**تریفە ساڵح یاریزانی تۆپی دەستی ئافرەتانی هەولێر، سەبارەت بە کێشەکانی یانەکەیان گوتی:** «کێشەی ئێمە وەکو یاریزان ئەوەیە کە گرنگی بە یاریی تۆپی دەست، بەتایبەتی بۆ ئافرەتان نادرێت، ئەمە سەرباری دەرنگ بەڕێوەچوونی خولەکە کە چەندساڵ جارێك دەکرێتەوە، ئەویش بۆ ماوەی یەك هەفتەیە و کۆتایی دێت، جگە لەوەش نەبوونی یاریگایەکی نێودەوڵەتیی پێویست کە ئەوەش گرفتێکی گەورەیە، داواکارم لە یەکێتی تۆپی دەستی کوردستان ئەم خولانە بە شێوەی چون و هاتن بێت، بۆ ئەوەی یاریزانان سوودی زیاتر و دەرفەتی زیاتری یاریکردنیان بۆ بڕەخسێ، ئەم خولە بەم خێراییە سوودێکی وای نابێت بۆ یاریزانان، بە هەموو خولەکە شەش ناوبژیوان هەیە ئەم هەموو یارییە لەدوای یەك، بۆ ناوبژیوانان زۆر باش نییە و ماندوو دەبن، هیوادارم لە خولەکانی داهاتوو لە بری یەك جام بۆ یانە سەرکەوتووەکان، بیکەنە مەدالیا ئەوە زۆر باشتر دەبێت، هاوکات هیواخوازم گرنگیی زیاتر بە توانای ئافرەتان بدرێت.»

**هاوینە عەبدولڕەحمان، ئەندامی دەستەی کارگێڕیی یانەی ئافرەتانی هەولێرە و بەمجۆرە داواکارییەکانی خستەڕوو:** «هیوادارین ساڵانە خولی بەردەوام بۆ یانەکان بکرێتەوە، بۆ ئەوەی یانەکانیش بتوانن یاریزانی زیاتر دروست بکەن و بایەخ و گرنگییان بۆ یارییەکە زیاتر بێت، ئێمەش وەکو ستافی کارگێڕیی یانەی ئافرەتانی هەولێر بەردەوام دەبین لە خزمەتکردنی سەرجەم تیپە جۆراوجۆرەکانی یانەکەمان، بۆ ئەوەی بتوانین خزمەتی زیاتر بە وەرزش بکەین، یانەکەی ئێمەش کە تایبەتە بە ئافرەتان هەوڵمان داوە گرنگی بە هەموو تیپەکانمان بدەین و ئەوەی لەتوانامان بێت بۆ یانەکە ئەنجامی دەدەین.»



ڕێهەنگ سەلاحەدین:

**سەرۆک و سکرتێری یانەکە مووچەی تیپەکەمان بە مووچەی خۆیان دابینی دەکەن**




یادی محەمەد:

**داواکارین لە یەکێتی تۆپی دەستیی کوردستان کە هەڵبژاردەی تۆپی دەستیی کوردستان دروست بکات، بۆ ئەوەی هەموو ساڵێک خول بەڕێوە بچێت**



تریفە ساڵح:

**هیوادارم لە خولەکانی داهاتوو لە بری یەک جام بۆ یانە سەرکەوتووەکان، بیکەنە مەداليا**



هاوینە عەبدولڕەحمان:

**هەوڵمان داوە ئەوەی لەتوانامان بێت بۆ یانەکە ئەنجامی دەدەین**

# هەڵبژاردەی بەحرێن دوای (٥٠) ساڵ بووە پاڵەوانی جامی کەنداو

**لە شاری دەوحەی پایتەختی قەتەر (٢٤)یەمین پاڵەوانێتی جامی کەنداو تەواو بوو، کە تیاییدا هەڵبژاردەی بەحرێن بۆ یەکەم جار بووە پاڵەوانی خولەکە دوای چاوەڕوانی (٥٠) ساڵ. ئەمەی خوارەوە ئامار و باشترینەکانی پاڵەوانتییەکەیە.**

**ئا: ڕێبین ڕەمزی- دەوحە**





هەرچەندە کێشەییەکی گەورەی سیاسی لە نێوان وڵاتانی کەنداو هەبوو، بەڵام هەفتەیەك پێش دەستپێکردنی پاڵەوانێتییەکە وڵاتانی (سعودیە و بەحرێن و ئیمارات) بریاری بەشداریکردنی پاڵەوانێتییەکەی کرد دووبارە تیرووپشک ئەنجامدراوە و کۆمەڵەکان بەمشێوەیە بوو:

کۆمەلەی یەکەم: قەتەر، عێراق، ئیمارات، یەمەن
کۆمەڵەی دووەم: عومان، سعودیە، بەحرێن، کوێت

لە کۆمەڵەی یەکەم هەردوو هەڵبژاردەی (عێراق، قەتەر) سەرکەوتن و لە کۆمەڵەی دووەم هەردوو هەڵبژاردەی (سعودیە، بەحرێن) سەرکەوتن بۆ چوار گۆشەی زێرین.

هەردوو هەڵبژاردەی (بەحرێن و سعودیە) سەرکەوتن بۆ یاری کۆتایی و هەڵبژاردەی (بەحرێن) توانی بە ئەنجامی گۆڵێکی خاوێن لە سعودیە بباتەوە.

- لەم پاڵەوانێتییە (٤٥) گۆڵ تۆمار کرا بە ڕێژەی (٣) گۆڵ لە یارییەک، هەڵبژاردەی قەتەر توانی (١١) گۆڵ تۆمار بکات و هەڵبژاردەی یەمەن نەیتوانی هیچ گۆڵێک تۆمار بکات و هەڵبژاردەی عێراق خاوەنی بەهێزترین هێڵی بەرگرییە تەنیا (٣) گۆڵی لێ تۆمارکراوە و هەڵبژاردەی یەمەن خاوەنی بێهێزترین هێڵی بەرگرییە (٩) گۆڵی لێتۆمارکراوە.

- هەشت لێدانی سزا لەم پاڵەوانێتییە هەژمارکرا و شەش لێدانی سزا گۆڵی لێ تۆمارکرا و هەردوو یاریزان (عەلی عەدنان) یاریزانی هەڵبژاردەی عێراق و (سەلمان فەرج) یاریزانی هەڵبژاردەی سعودیە لێدانی سزایان لەدەستدا.

- یەک یاری بە لێدانی یەکلاکەرەوەی سزا تەواو بوو.

- (٤٨) کارتی زەرد لەم پاڵەوانێتییە بە ڕووی یاریزانان بەرزکرایەوە.

- (١) کارتی سوور لەم پاڵەوانێتییە بەرزکرایەوە، کاتێک یاریزانی هەڵبژاردەی عێراق ( مستەفا محەمەد) کارتە سوورەکەی وەرگرت.

- یاریزانی هەڵبژاردەی ئیمارات (عەلی مەبخوت) بەتۆمارکردنی (٥) گۆڵ بووە گۆڵکاری پاڵەوانێتییەکە.

- یاریزانی هەڵبژاردەی سعودیە (عەبدوڵڵا عەتێف) بووە باشترین یاریزانی پالەوانێتییەکە.

- هەڵبژاردەی قەتەر خەڵاتی



یاری خاوێنی بەدەست هێنا.

- هەردوو یاریزان بەحرێنی (مەهدی حمێدان) و سعودی (نەواف عابد) خاوەنی زۆرترین ئەسێست بوون بە (٣) ئەسێست.

- گۆڵپارێزی سعودیە (فەواز گەرنی) بووە باشترین گۆڵپارێزی پاڵەوانێتییەکە.

- لەم پاڵەوانێتییە کۆی گشتی خەڵاتەکان (١١) ملیۆن دۆلار بوو، کە تیاییدا هەڵبژاردەی بەحرێنی پاڵەوان (٣) ملیۆن دۆلار خەڵاتکرا و هەڵبژاردەی سعودیە (٢) ملیۆن دۆلار خەڵاتکرا و هەڵبژاردەکانی تر (١) ملیۆن دۆلار خەڵاتکران.

- پاشای بەحرێن بڕیاری دا یەک ڕۆژ پشووی فەرمی بێت لە وڵات و هەروەها هەر یاریزانێک بە بری (٣٠) هەزار دیناری بەحرێنی و خانوو و ئۆتۆمۆبێل خەڵات بکرێن.

- یاریزانی هەڵبژاردەی بەحرێن (محەمەد رومێحی)، کە گۆڵی سەرکەوتنی لەم پاڵەوانێتییە تۆمار کرد، چەندین پاداشتی تایبەتی کرا، یەکێک لە کۆمپانییەکان بڕیاری دا چوونە حەج-ی ئەم یاریزانە بکاتە ئەستۆی خۆی و هەروەها یەکێک لە زانکۆکانی بەحرێن بڕیاری دا خوێندنی ئەم یاریزانە لەم زانکۆیە بەخۆڕایی بێت و لە هەر بوارێک کە خۆی دەستنیشانی دەکات.

- لەم پاڵەوانێتییە ڕاهێنەری هەڵبژاردەی ئیمارات (ڤان مارفێک)ی هۆڵەندی لە کارەکەی دوورخرایەوە دوای ئەوەی هەڵبژاردەی ئیمارات لە قۆناخی کۆمەڵەکان ماڵئاوایی کرد.

- لە جامی کەنداو ٦ ڕاهێنەری بیانی ڕاهێنەری هەڵبژاردە بەشداربووەکان بوون بەمشێوەیە: (هێلاریۆ سۆزا-ی پورتوگال(هەڵبژاردەی بەحرێن)، کاتانێچ-ی سلۆڤینی (هەڵبژاردەی عێراق)، ڤان مارفێکی هۆڵەندی ( هەڵبژاردەی ئیمارات)، فلیکس سانشێزی ئیسپانی (هەڵبژاردەی قەتەر)، ئەروین کومان-ی هۆڵەندی( هەڵبژاردەی شانشینی عومان)، هێرفی رینارد-ی فەرەنسی (هەڵبژاردەی سعودیە).

- دوو ڕاهێنەری نیشتمانی ڕاهێنەری هەڵبژاردەکانیان بوون ئەویش هەریەکە لە (سامر عنادی کوێتی، سامی نەعاشی یەمەنی).

- لەم پاڵەوانێتییە یارییەکان لە دوو یاریگەی جامی جیهانی ٢٠٢٢ بەڕێوەچوو، ئەویش یاریگاکانی (خەلیفە، جنوب) بەڕێوەچوو.

- بۆ یەکەم جار لە مێژووی پاڵەوانێتییەکانی جامی کەنداو سیستەمی (ڤار) بەکارهات.







# مەحموود شاکر: دهۆک چاوی لە رکابەرییە

هەرچەندە ئەم وەرزە تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی دهۆك لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان نەیتوانیوە ئەنجامێکی شایستە پێشکەش بکات و لە سەرووی ریزبەندی یانەکانی کوردستان بێت، بەڵام لە کۆی یارییەکانی پێشوودا ئاستێکی مام ناوەندی پێشکەش کردووە و لە ریزبەندی یانەکانیش لە ناوەڕاستی ریزبەندەکە دێت، یانەکەش لەگەڵ ژمارەیەك لە یاریزانانی دەرەوە گرێبەستی کردووە، مەحموود شاکر یەکێك لە یاریزانە باشەکانی کوردستانە کە لە داقووقەوە هاتۆتە شاری دهۆك، لەم بارەشەوە مەحموود شاکر یاریزانی یانەی دهۆك بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «یانەی دهۆك ئەمساڵ هەوڵێکی زۆر باشی داوە، هێشتا سەرەتای خولە، چاویشمان لەوەیە کە یارییەکانی لە داهاتوو ئەنجامی باش لە خولی نایابی کوردستان بەدەست بهێنین، ئەوەی لە تواناماندا بێت بۆ نازناوی خولەکە تێکۆشانی بۆ دەکەین، لە داقووقەوە هاتوم بۆ شاری دهۆك و ئامانجم بەدەستهێنانی نازناوەکەیە، تا بتوانم پاڵپشتێکی باش بم بۆ ئەو یانەیە، لە یانەی دهۆکیش زۆر ئاسوودەم و واهەست دەکەم لەماڵی خۆمم.» گوتیشی:



# یانەکەی دەڤەری بارزان چاوی لە خولی نایابە

تیپی تۆپی پێی (یانەی هەڵۆ)ی تاکە نوێنەری دەڤەری بارزانەو ئەمساڵ لە خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان ئامادەکاریی باشی کردووە، بۆ ئەوەی بتوانێت پلیتێکی سەرکەوتن لەم وەرزەی خولی پلە یەکی کوردستان بەدەست بهێنێت، ئەم وەرزەش یانەکە ژمارەیەکی زۆر لە یاریزانانی پێشووی خۆی لە یانەکانی دیکەی کوردستان گەڕاندۆتەوە بە ئامانجی بەدەستهێنانی ئەنجامێکی شایستە، لەم بارەشەوە ئەحمەد خەلیل سەرۆکی یانەی وەرزشیی هەڵۆ بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەمساڵ گۆڕانکاریی زۆرمان کردووە و ژمارەیەك یاریزانی باشمان هێناوەتە ریزی یانەکەمان، ئامانجی ئێمە لەم وەرزە سەرکەوتنە بۆ خولی نایابی یانەکانی کوردستان، یاریی تۆپی پێش وایە هەندێك جار لەو یارییەدا تووشی شکست دەبیت، زۆرجاریش بە پێچەوانەوە، ماوەیەك لەمەوبەر لە بەرامبەر یانەی ئاڵتوون کۆپری باشترین یاریمان کرد و یەکسان بووین»، گوتیشی: «یاریگاکەمان باش نییە و هەموو ساڵێك کە خولەکە دەستپێدەکات ئێمە تووشی کێشەی قوڕ و لیتەی یاریگا دەبین، ئەوەش گرفتێکی سەرەکییە، ژمارەیەك لە باشترین یاریزانەکانمان لە یانەکانی دهۆك و زێرەڤانی و ئارارات و زاخۆ و نەورۆز گەڕانەوە یانەکە و سەرجەم یاریزانان پەیمانیان داوە کە ببنە تیپێکی تۆکمە و سەرکەوتن بەدەست بهێنین، دە یاریزانمان هێناوە و ژمارەیەکیش دوور خراونەتەوە»، ئەوەشی دووپات کردەوە کە «هیچ گرێبەستێك لە یانەی هەڵۆ نییە، تەنیا مووچەیە و مووچەکانیش لە ٣٠٠هەزار تاکو ٧٠٠هەزار دینارە،» گوتیشی: «دوو یاریزانی پیشەگەری ئێرانی و یاریزانێکی عەرەبی خولی میسریمان هێناوە، ئەوانیش بە هەمان شێوە مووچە وەردەگرن، تیپەکەمان ئەمساڵ تیپێکی زۆر باشە و جیاواز لە ساڵانی دیکە ئامانجی گەورەمان هەیە، خەونمان گەیشتنەوەیە بە خولی نایابی کوردستان».



«بەر لەوەی بێمە شاری دهۆك بۆ گرێبەست زۆر یانە پەیوەندییان پێوەکردم بۆ یاریکردن لە خولی عێراقی و کوردستان، بەتایبەتی یانەی کەربەلا کە بەردەوام پەیوەندیم پێوە دەکەن، ئامانجی منیش خزمەتکردنی یانەی دهۆکە لە هەردوو خولی کوردستان و عێراق»، لەبارەی کێشەکانیش گوتی: «کێشەی بچووکی داراییمان هەیە، بەڵام ئەوە ئێمە ناوەستێنێ لە ئامانجەکە و لەگەڵ یانەی دهۆك هەوڵ بۆ ئەنجامی گەورە دەدەین».



## خەسرۆ هەرکی
## بووە پێشمەرگە



لەم وەرزەدا تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی پێشمەرگەی سلێمانی کە لە یارییەکانی وەرزی نوێ خولی نایابی یانەکانی کوردستان ئاست و ئەنجامی وەکو پێویست نییە، دەستەی کارگێڕیی یانەکەش بە مەبەستی بەهێزکردنی ریزی پێکهاتەی یانەکە و بەهێزکردنی هێڵی بەرگری، بە فەرمی جارێکی دی بۆ یاریکردن لە ریزی ئەو یانەیە پەنایان بۆ یاریزان (خەسرۆ هەرکی) یاریزانی قەزای ئاکرێ و یانەی کەرخی خولی عێراق بردەوە، لەم بارەشەوە خەسرۆ هەرکی بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «هەرچەندە ئەمساڵ من لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی گرێبەستی فەرمیم لەگەڵ یانەی کەرخ ئەنجام داوە، بەڵام بۆ خولی نایابی کوردستان بە فەرمی لەگەڵ یانەی پێشمەرگەی سلێمانی یاری دەکەم، بە هیوای ئەوەم بتوانم ئەم وەرزە ئاستی یانەکە باشتر بکەین و بتوانین لە یارییەکانی داهاتوو یانەکە ببەینە قۆناغێکی باشتر و یاری لەدوای یاری ئاستمان بەرەو باشتر بچێت، خولی عێراقیش جارێ دیار نییە کەی بەڕێوەدەچێت، منیش یاریزانی یانەی پێشمەرگەم و گرێبەستم لەگەڵ ئەوان هەیە».